**سیروان حه نیفی**
Sirwan_e@yahoo.se



# گەڕانەوە

له شه وچه ره ی خه ونێکی پائیزیه و هاتومه ته و
له ڕێگائێک
دار و خۆدا ئاسمان حه زه شیرینه کانی خۆیان دۆڕان
له شه وچه ره ی حه زێکی پائیزیه و هاتومه ته و
له جێگائێک
درۆ ناخی زه وینی خنکاند و
زه وین ئه تۆی له ده سته کانی خۆیدا به سته وه
هه وره کان له چاوی تۆوه ده گریان و
چاوه کانی تۆ له دڵی مندا شه پۆلیان دا
ئاسۆی حه زه کانی تۆ خۆرگیرانیان لێ نابڕێته وه
ئه ستێره کان
له گه ڵ خه یاڵه کانی تۆدا له دایک ده بن و
فرمێسکه کان
له گه ڵ ماچه مردوه کانی مندا
.......
که نیشکه ڕه نجبه ره کانی شارێکی وێران،
خۆره تاوی عه شقیان له ژێر تاریکایی لێفه ی شه وان،
شه وانی دوای هه زاران لێو هه ڵقرچانی رۆژانه
له سه ر سه رینی خه ونێکدا
له گه ڵ یادی حه زێکدا
بۆ مه مکه کانی خۆیان باس ئه که ن
له پاشه کی ئه م چیرۆکه
کانی ئاوی له دایک بوی خه مێکی دورو درێژ
هه مو شه وێ له سه ر جێگا ئه ته قێته وه و
ته نیا تاریکاییه هه ستی پێ ده کا،
ته نیا ڕه گه کانه ئازاری پێوه ئه کێشێ.

له شه وچه ره ی عه شقێکی پائیزیه و هاتومه ته و
له وڵاتێک
دانه دانه داره کانی دارێستانێک

چه ک به ده ست گیرفانه کانم ئه پشکنن
چه ک به ده ست لێوه کانم ئه پشکنن
ئه تۆ له ڕێگایێکی پڕ له درۆ له دایک بووی
ئه تۆ لێوه کانی پاش شکانێکت هه ڵمژی
ئه تۆ باوه شت به مردوێکی سه رگه ردانداکرد
.........
ده ریا چیرۆکه کانی بۆ ماسیه کانی باوه ش خۆی ناگێڕێته وه و
ده سته کانی بۆ تاشه به رده دڵڕه قه کان درێژ ئه کا
حه زه کانی له گه ڵ شه پۆلدا به شه ڕی ته نیا مردن ئه سپێری
ڕوبار ئامێزی بۆ جۆگه وردیله بێ نازه کانی
له دایک بوی کانی ئاوه ته نیاکان ناکاته وه
ئه مه یه خۆشه ویستی سه ده ی درۆ
ئه مه یه دڵ ناسکی به یانانی ئه وڕۆ

له شه وچه ره ی شێعرێکی پائیزیه و هاتومه ته و
له کۆڵانه به ربه ست کراوه کان
شاعێره کان بون ده ره وێزه ی عه شقیان ئه کرد
شێعرێکیان به قه رانێک ئه داو
هه زار قه رانیان به ماچێک
گۆڕستانه کان جمه ی دێ له ئاپۆڕای خه ڵک و
کۆڵانه کان جێی گاڵته جاڕی مردووه کان
له م ده ڤه ره خاچه بێ نازه کانی مه سیحیان
له ئاورگه ی زه رده شتێکدا سوتان

له شه وچه ره ی مه رگێکی پائیز یه و هاتومه ته و
له ده ورانێک
باڵه کانی کۆتره کانی سه ربان
له ڕه شه مه ی نیشتێمانێکدا وه به ر په لاماری ڕێبه ندان که وتن
بێ ئه وه ی ئاسمانیش بیانبینێ
له گه ڵ ڕونوی حه زێکدا مردن
پشیله ڕوگرژه کانی کۆڵانیش هێلکه کۆتریان ڕفاند
کێ ئه زانێ
کێ ئه زانێ
سبه ینێ زه ڕنه قوته باله بالیه
یان ده میاوێنێ

2006.03.15